


# بۆ دادوه ریتر و خێراتری پڕۆسه ی په ناهه نده یی

## به لێ بۆ چاککردنی یاساى په ناهه نده یی

له ٥\٦\٢٠١٦

# دادوه ریتر و خێراتر

**ئه و چاكسازیانه ی له یاسای به رده ستی په ناهه نده یی له مێژه یه كه م چاكسازیه كه لایه نی باشی تیایه. پڕۆسه ی په ناهه نده یی به ڕاشكاوی كورتده كرته وه و په ناهه نده كانیش زووتر ده زانن، ئایا ئه توانن له سویسڕا بمێننه وه یان نا. پارێزه ری یاسایی بێبه رامبه ر بۆ هه مووان دابین ده كرێت، كه ئه مه ش گه ره نته بۆ پڕۆسه یه كی یاسایی و دروست.**

## پڕۆسه یه كی خێرا له به رژه وه ندی هه مووانه


تاكو ماوه یه كی كورت پێش ئێستا پڕۆسه ی په ناهه نده یی سێ بۆ پێنج ساڵی ده خایاند، ئه م ماوه درێژه ببوه هۆی تێچونێكی زۆر و شكاندنی ویستی په ناهه نده كان. ته نها ئه و كه سانه ده توانن ژیانی خۆیان ڕێكخه ن، ئه گه ر مافی مانه وه یان له سویسرا بزانن: زمان فێربن، له ئیش و خانوو بگه ڕێن، مناڵه كانیان بنێرنه قوتابخانه و سود له پرۆسه ی ئاوێته بوون وه ربگرن.

## پارێزه ری یاسایی گهرهنتیه بۆ دروستی ده سهڵاتی یاسا

بۆ ئه وه ی پڕۆسه كه (له گه ڵ ئهوه ی خێرا كراوه) له ژێر چاودێری ده سهڵاتی یاسایی به ڕێوه بچێت، پارێزه ری یاسایی بێبه رامبه ر زێاد ده كرێت. له گه ڵ ئهوه شدا ماوه ی تانه دان درێژتر بوایه و دهسه ڵاتی یاسایی بێلایه ن له لایه ن به ڕێوه به رایه تی گشتی په ناهه ندان چاودێری بكرایه باشتربوو، به ڵام ئه مه شتێك له بابه ته كه ناگۆڕێ له به ر ئهوه ی ئه م پێشنیاره تازه یه زۆر چاكسازی له به رژه وه ندی په ناهه نده تیایه.

## چاكسازی باش له به رژه وه ندی په ناهه ندان (خاوه ن مافی مانه وه)

له سایه ی ڕێكه وتنێكی فراوانی لایه نه سیاسیهكان توانرا ئه م پێشنیاره پێش هه ڵبژاردنی گشتی 2015 له لایه ن په رله مانه وه تێبپه ڕێنرێت. خۆ ئه گه ر له ڕۆژی 5.6.2016 دا ئه م پێشنیاره ڕهتبكرێته وه، ئه وا ده بێته خراپتركردنی پێشنیاری تر و یاساكان به بێ دابینكردنی پارێزه ری یاسایی بێبه رامبه ر. ئه م پێشنیارانه ی به رده ست هه لومه رجێكی مامناوه ندین و له به رژه وه ندی په ناهه ندهدان.




زه رفی نامه ی١ ده نگدان بكهوه

كاغه زی ده نگدان پڕكه وه

كاغه زی ده نگدانه كه بخه ناو زهرفه٢ بچوكه بێ ئه درێسه كه ی ده نگدان و قه پاتی كه وه

پسوله ی ده نگدان٣ ئیمزا (واژۆ) بكه

زه رفه بچوكهكهی٢ ده نگدان و پسوله ی ده نگدان٣ بخه وه ناو زه رفی نامه ی١ نامه ی ده نگدانه وه

نامه كه ی ده نگدان تاكو رۆژی 30.5.2016 بۆ گێمایندێكه ت (كۆمونه كه ت) به پۆست بنێره وه یان تاكو 4.6.2016 نامه كه بخه ره ناو سندوقی پۆستی گێمایندێكه ت (كۆمونه كه ت)

SORANI

**بهڵێ بۆ چاككردنی یاسای پهناههندهیی له ٢٠١٦\٦\٥**

➜ www.spschweiz.ch/migrantinnen